

کانیاو عومەر
یاریزانی تۆپی دەستی
یانەی هەولێر:

# چاومان لە دەستەی کارگێڕیی یانەکەمانە بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن

**تیپی تۆپی دەستی کچانی یانەی هەولێر یەکێکە لەو تیپانەی کە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان گرنگی بە یارییەکانی کچان دەدات، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی تۆپی دەست لە سنووری پارێزگای هەولێر تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەم کچە یاریزانانە لە خولی تۆپی دەستی نایابی کوردستان و عێراق کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات، کانیاو عومەر یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٠ـە، پێشتریش بۆ هەریەک لە یانەکانی کۆیە و ئەکاد و ئافرەتانی هەولێر یاریی کردووە، ئێستا لە یانەی هەولێر درێژە بە کاروانی وەرزشی دەدات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

***هاتنت بۆ نێو دنیای وەرزش بە بەرنامە بوو، یان هەر بە رێکەوت رووت لەم جیهانە کرد؟**

-هەر لە منداڵییەوە خولیای وەرزشکردنم هەبوو، لە قۆناخی سەرەتایی بووم بە یاریزانی باڵە، کە لە نێوان قوتابخانەکان یاری دەکرا، لە نێو قوتابخانە و لە خولەکانیش ئاستی باشم پێشکەش دەکرد.

***بۆچی لە ناو هەموو یارییە وەرزشییە سەرنجت بۆ یاریی تۆپی دەستی بوو؟**

-من سەرەتا یاریزانی باڵە بووم لە یانەی کۆیە تا ساڵی ٢٠٠٩، دواتر هاتمە شاری هەولێر و بووم بە یاریزانی تۆپی دەست، خۆم عاشقی یارییەکان بووم، زۆربەی یارییەکانیشم ئەنجامداوە، بەڵام دواجار تۆپی دەستی بۆ من لە هەموو وەرزشەکان باشتر بوو.

*** یاریی تۆپی دەستی لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر لە چ ئاستێکە؟**

- ئەوەی راستی بێت زۆر باش نییە، بەڵام لە چاو شارەکانی دیکەی کوردستان بە گشتی باشترە.

***ئەی لە سەر ئاستی کوردستان یاریی تۆپی دەستی لە چ ئاستێکە؟**

-بە راستی بە گشتی وەرزش زۆر پشتگوێ خراوە، بەڵام تۆپی دەست تۆزێك باشترە بە هەمان شێوەی تۆپی باڵە.

***یانەی هەولێر تا چەند گرنگی بە یاریی تۆپی دەستی کچان دەدات؟**

-بە شێوەیەکی گشتی زۆر باشە، هیواداریشم هیچ جیاوازییەك لە نێوان یارییەکان نەکرێ، ئێمەش وەکو یاریزانان چاومان لە دەستەی کارگێڕیی یانەکەمانە، بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن، چ لە رووی ماددی چ لە رووی مەعنەوی، ئێمەش نازناویان بۆ بەدەست دەهێنین.

***بۆ ئەوەی یاریی تۆپی دەستی لە کوردستان پێش بکەوێت، چی بکرێت باشە؟**

-پێویستە هەموو ساڵێك خول بکرێتەوە لە کاتی خۆی، لەلایەن بەرپرسانی وەرزشی هاوکاری یانەکانی کوردستان بکرێت بەگشتی، تا بتوانین بەهەموو لایەکمان وەرزش پێش بخەین لە کوردستان، بەتایبەتی تۆپی دەست.

*** ئایا لە یانەی هەولێر گرفتی وەرزشیتان هەیە؟**

- بە شێوەیەکی گشتی هیچ گرفتێکمان نییە، هەندێ وردە گرفتیش لە هەموو یانەیەك دەبێ.

*** وەکو کچە یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

-خەونی وەرزشی لە کوردستان بەدیهاتنی زۆر زەحمەتە، بەڵام هەر خەونم ئەوەیە بگەمە بەرزترین ئاست لە وەرزشی کوردستان و عێراق.

*** ئامانجت لە وەرزشکردن چییە؟**

- زیاتر گرنگیدانە بە وەرزش و بەرەوپێشچوونی ئاستی خۆم وەکو یاریزان، تا لەتوانامدا بێت، خزمەتی وەرزش دەکەم.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامی لەم یارییە؟**

- کچە یاریزانی وڵاتی ئێران سەمیرە.

*** کاتت چۆن بۆ وەرزش داناوە؟**

-زۆربەی کاتی خۆم بۆ وەرزش داناوە .

*** لە کۆتاییدا چیت ماوە ؟**

-هیوادارم گرنگیی زیاتر بەتوانای یاریزانان بدرێت، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی بە بواری وەرزشی دەکات.

# میسی

## بێتاوان دەرچوو



دادگای ئیسپانیا بڕیاری بێتاوانبوونی لیۆنێل مێسیی ئەرژەنتینی و ئەستێرەی یەکەمی یانەی بەرشلۆنە دەرکرد، دوای ئەوەی دۆسیەی خۆدزینەوە لە باجی لە دژ بەرزکرابووەوە.
ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی لە راپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوەداوە، کە دادگای ناوەندی ئیسپانیا لە مەدریدی پایتەخت لە دوایین دانیشتنیاندا بێتاوانی لیۆنێل مێسییان دووپاتکردووەتەوە و بڕیاریاندا ئەو دۆسیەیە دابخەن، کە لە دژی لیۆ بەرزکرابووەوە.
مێسی بە خۆدزینەوە لە باج و شووشتنەوەی پارە لە دەرەوەی ئیسپانیا تۆمەتبارکرابوو، بەڵام دادگا بەهۆی ئەوەی، کە هیچ بەڵگەیەکی پێویستی لە بەردەست نەبوو بڕیاریاندا، کە ئەو یاریزانەی بەرشلۆنە بە بێتاوان لە قەڵەم بدات و دۆسیەکەیان داخست.
بەپێی ڕۆژنامەی مارکا: دادوەر ماریا تاردۆن ڕەزامەندی لەسەر ئەوەداوە، کە دۆسیەکە ڕەتبکاتەوە و لەلایەن فەرمانبەرێکی پێشووی دامەزراوەکەی لیۆنێل مێسی لە دژی ئەو یاریزانە و باوکی و براکەی لیۆ بەرزی کردبووەوە.
لە درێژەی راپۆرتەکەی مارکادا هاتووە :دادوەرەکە ئەوەی روونکردووەتەوە، کە هیچ بەڵگەیەک لەبەردەست نییە و ئەوەی هەیە تەنیا لە نووسینی ڕۆژنامەکانەوە وەرگیراوە، بەپێی ماددەی ٦٣٧ـیش ئەم دۆسیەیە داخراوە، چونکە هیچ گرنگ نییە بەردەوام بێت چونکە لایەنی تۆمەتبار تاوانەکەی بەسەردا ساختنەبووەتەوە.
پێشتر بەهەمان تۆمەت لیۆنێل مێسی و باوکی چەند جارێک چوونەتە بەردەم دادگای ئیسپانیا و لە هەندێکیاندا تاوانەکەیان بەسەردا ساخبووەتەوە و سزادرابوون.

# ڕۆناڵدۆ باسی کاتی وازهێنانی خۆی دەکات

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ئەستێرەی پورتوگالی یانەی یۆڤانتۆس نایشارێتەوە، کە ئێستا هەست بە هیلاکی و شەکتبوونی جەستەی دەکات، دەشڵێت: هەموو شتێك کۆتایی هەیە وماڵئاواییکردنم نزیك بۆتەوە.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ماڵپەری سپۆرت تیبیلی جەخت لەوە دەکاتەوە لە ڕاهێنانەکان هەست بە ماندووبوون دەکات، دەشڵێت: نازانم لە دوو ساڵی دیکە چی ڕوودەدات کاتێك گرێبەستەکەم لەگەڵ یۆڤانتۆس کۆتایی دێت، بەڵام دڵنیام لە ماوەی ٥ ساڵی دیکە کەس من وەك یاریزان لە نێو یاریگەکان نابینێتەوە.




کریستیانۆ گوتیشی: من متمانەم بەخۆم هەیە، بەڵام بۆ دوای وازهێنانم هیچ پلانێکم نییە، بەڵام دەمەوێت چیرۆکێکی نوێ بنووسمەوە و لاسایی کەس ناکەمەوە، بەڵام لە بواری بازرگانی دەتوانم کاری گەورە بکەم.

کریستیانۆ ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، کە ئەو هێشتا لە نێو جیهانی تۆپی پێ دا ماوەتەوە و دەیەوێت وەك یاریزانی ژمارە یەك بەردەوام بێت، دەشڵێت: نامەوێت ببمە یاریزانی ژمارە ٢ یان ٣، بەڵکو دەمەوێت وەك یاریزانی ژمارە یەك لە جیهان بمێنمەوە، بۆیە هەموو شتێك دەکەم بۆ ئەوەی ١٠٠٪ بۆ یارییەکان ئامادە بم و بەردەوام بم.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە هاوینی ٢٠١٨ لە یانەی ڕیال مەدریدەوە بە بەهای ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ ڕوویکردە یۆڤانتۆس و لە ٢٠٢٢ گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی خانمەپیرەکە کۆتایی دێت.



## مانچستەر سیتی شوێنگرەوەی گواردیۆلای دۆزیوەتەوە

بە گوێرەی سەرچاوەیەکی ڕاگەیاندنی بەریتانیا، مانچستەر سیتی بە دوای دۆزینەوەی جێنشینی گواردیۆلادا دەگەڕێت، بەوپێیەی گواردیۆلا لە هاوینی ٢٠٢١ گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکە تەواو دەبێت.

ڕۆژنامەی میرۆری بەریتانیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە گومانی لە مانەوەی گواردیۆلا هەیە و بۆیە لە ئێستاوە ئامادەکاری بۆ شوێنگرەوەی ئەو ڕاهێنەرە کەتەلۆنیاییە دەکات.

بە گوێرەی سەرچاوەکە، مانچستەر سیتی دەیەوێت جیۆڤانی ڤان برۆنکهۆستی ڕاهێنەری پێشووی یانەی فاینۆرد ڕۆتردام بکەنە جێنشینی گواردیۆلا.

سەرچاوەکە ئەوەشی خستۆتەڕوو، کە جیۆڤانی پێشتر هاوشانی گواردیۆلا لە بەرشلۆنە یاری کردووە ئێستا لەگەڵ بەرپرسانی مانچستەر سیتی لە گفتووگۆدایە، لە ڕووی پلان و شێوازی ڕاهێنەرایەتی بە تەواوەتی لە گواردیۆلا نزیکە.

پێپ گواردیۆلا لە هاوینی ٢٠١٤ ڕوویکردە مانچستەر سیتی لەگەڵ ئەو یانەیە دوو نازناوی خولی یانە پلە نایابەکانی ئینگلیزی و نازناوێکی جامی فا و دوو نازناوی جامی خولی ئینگلیزی بردۆتەوە.





# یانەی شێروانە دەبێتە ژمارەیەکی گەورە لە خولی کوردستان

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی شێروانەی گەرمیان لە شاری کەلار دەستی بە مەشقەکانی کردووە، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامێکی گەورە لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، کە وا بڕیارە لە ١٧ی ئەم مانگە یارییەکانی بە بەشداری ١٣ یانەی شارەکانی کوردستان دەستپێبکات، کارگێڕیی یانەی شێروانە بۆ وەرزی نوێی خولەکە جارێکی دیکە متمانەی بەخشیوەتەوە بە وەلید محەممەد ڕاهێنەری وەرزی ڕابردووی یانەکە و ساڵح لوتفی-یش وەکو ڕاهێنەری گۆڵپارێز دیاری کراوە، جگە لەوەش یانەکە ڕۆژانە لە یاریگای خۆیان لە شاری کەلار مەشقەکانیان چڕ کردۆتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامێکی شایستە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان دەستەبەر بکەن، کارگێڕیی یانەکەش ئەمساڵ بە شێوازێکی دیکە دەیەوێت بچێتە نێو کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێی خولەکە، هاوکات بە نوێکردنەوەی گرێبەستی زۆربەی یاریزانەکانی و لە نێویشیاندا عەلی کاکە مینە گۆڵکاری یانەکە و هێنانەوەی هونەر ئەحمەدی یاریزانی پێشووی یانەکە و سەرخستنی چەندین یاریزانی لاو دەیەوێت کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم یانەکانی خولەکە بکات، یانەکەش ئەمساڵ زیاتر پشتی بە یاریزانانی شارەکەی بەستووە، بۆ ئەوەی بتوانێ بەم گەنجانەی شارەکە ئەنجامی گەورە دەستەبەر بکات، کارگێڕیی یانەکەش بەڵێنی هاوکاریی تەواویان بە یاریزان و دەستەی ڕاهێنەران داوە، بۆ ئەوەی لە ناو یانە گەورەکانی کوردستان ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنن و یانەکەش ببێتە ژمارەیەکی گەورە و قورس لە خولی نایابی کوردستان، کە هەموو ساڵێك یانەی شێروانە بە هۆی ڕێژەیەکی زۆری هانداران و ئەستێرەی بەتوانا لە شاری کەلار لە خولی نایابی کوردستان یانەیەکی قورس بووە، نوێکردنەوەی گرێبەستی ئەو هەموو یاریزانەی شارەکەش لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان چاوەڕوانی ئەنجامی گەورەی لێ دەکرێت.





# کچە نیشانەشکێنەکانی پێشمەرگە کۆنترۆڵی کوردستانیان کرد

بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی نیشانەشکێنی لەسەر ئاستی کچانی شارەکانی کوردستان و بەرەوپێشبردنی زیاتری ئەم یارییە، لە ژێر چاودێریی لیژنەی ئۆلۆمپیی کوردستان لە شاری دهۆك بۆ ماوەی دوو ڕۆژ یەکێتیی ناوەندی نیشانەشکێنیی کوردستان پاڵەوانێتیی یانەکانی کوردستانی لەسەر ئاستی کچان ئەنجام دا، لەم پاڵەوانێتییەدا کچە یاریزانانی یانەکانی کوردستان لە ئاستی تاك و تیم، بۆ دەستەبەرکردنی ئەنجامەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتییەکە توانییان کێبڕکێی بەهێزی یەکتری بکەن، کە هەریەك لە یانەکانی (پێشمەرگەی سلێمانی، بروسك، گارە، سۆلاف، سەنحاریب، ئافرۆدێت، فەتاتی دهۆك، باباگوڕگوڕ) تێیدا بەشدار بوون، کچانی یانەکانی کوردستانیش توانییان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن لە هەردوو جۆری نیشانەشکێنیی تفەنگ و دەمانچە، ئەنجامەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بوون.

ئەنجامی تاك تفەنگ

١-ئاڤا عەتا-پێشمەرگەی سلێمانی ٥٤٢خاڵ

٢-دینا سیروان- پێشمەرگەی سلێمانی ٥٢٢خاڵ

تاك دەمانچە

١-ئایەعەتا- پێشمەرگەی سلێمانی ٤٧٢خاڵ

-ناسك ئیبراهیم- پێشمەرگەی سلێمانی ٤٥٠خاڵ

ئەنجامی تیپ تفەنگ

١-پێشمەرگەی سلێمانی-١٠٦٧خاڵ

٢-سۆلاف-١٠٢٤خاڵ

ئەنجامی تیپ دەمانچە

١-پێشمەرگەی سلێمانی ٩٢٢خاڵ

٢-بروسك ٦١٨خاڵ

# ڕەنگە یونس شوکر بچێتە یانەی ئاسۆ



وەرزی رابردوو یونس شوکر یاریزانی پێشووی یانەی وەرزشیی هەولێر لەگەڵ یانەی شەقلاوە لە خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان یاری کردو، یانەکەش توانی خۆی بگەیەنێتە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، یانەکانی کوردستانیش لە ئێستادا سەرقاڵی ئامادەکاری و راهێنانن بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە لە وەرزی نوێی خولەکانی کوردستان بەدەست بهێنن، یانەکانیش جگە لە ئامادەکارییەکانیان لە هەوڵی ئەوەدان کە بە چەندین ئەستێرەی شارەکانی دیکەی کوردستان خۆیان بەهێز بکەن، یونس شوکر ئەم وەرزە دەیەوێت لە خولی پلە یەکی کوردستان جارێکی دیکە لە یاریگاکانی کوردستان دەربکەوێتەوە، لەم بارەشەوە یونس شوکر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا سەرقاڵی مەشق و راهێنانم بۆ ئەوەی لە وەرزشکردن دانەبڕێم و بە بەردەوامیش ئامادەکاریی خۆم دەکەم، هەم بۆ ئەوەی ئاستم دانەبەزێت، هەمیش بۆ ئەوەی لە رووی جەستەییەوە ئامادە بم»، لەبارەی ئەوەی کە بۆچی لە ئێستادا لە هیچ یانەیەك یاری ناکات، یونس شوکر گوتی: «دوو یانە هەبوون کە لە خولەکانی عێراق لە پلە نایاب و پلەیەکی عێراقی بوون داوایان کرد کە یارییان بۆ بکەم، بەڵام من داواکەی ئەوانم رەتکردەوە، بۆ ئەوەی لە شاری هەولێر دوور نەکەومەوە»، لە بارەی یانەکانی کوردستانیش یونس گوتی: «من نامەوێ تەلەفۆن بۆ یانەکانی کوردستان بکەم بۆ ئەوەی پێیان بڵێم من یاریتان بۆ دەکەم، ئەگەرنا یانەی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بتوانم لە ریزی ئەوان یاری بکەم، بەڵام رەنگە بۆ ئەم وەرزە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان لەگەڵ یانەی ئاسۆ بگەمە رێککەوتن، بۆ ئەوەی یاری بۆ ئەو یانەیە بکەم، بۆ هەر یانەیەکیش یاریم کردبێ، هیوام وا بووە کە هەرچی لە توانامدا بووبێ، پێشکەشی ئەو یانەیەی بکەم، لە ئێستاشدا دەمەوێ بەردەوام بم لە وەرزشکردن و لە شاری هەولێریش دوورنەکەومەوە و خزمەتی ئەو شارە بکەم، هەرچی لە تواناشم بێت، درێغی ناکەم بۆ وەرزشی کوردستان.»